## وەرگێڕانی کتێب

# ڕەخنەگرتن لە گوتاری دینی



بەشی دووەم
نووسینی : نەسرحامد ئەبو زەید
وەرگێڕانی : ئیسماعیل ڕاجی

**گوتاری هاچەرخی دینی**
**میکانیزم و چاڤك و سەرەتاگە هزرییەکانی**

ئەم لێکۆڵینەوەیە، بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەو پەرتبوونە- جێگیرە لەرووی ڕاگەیاندنەوە- ی نێوان میانڕەوو توندرەوان لەگوتاری دینیدا، پشت بە تێکڕای گوتاری دینی دەبەستێ و دەیکاتە بابەتی خۆی. لەڕاستیشدا گەلێری نێوان ئەم دوو جۆرەی گوتاری دینی لە ئاستو پلە دایە، نەك لە جۆردا. بەڵگەش لەسەر ئەمە ئەوەیە کە ڕاڤەکارو لێکۆڵەرەوە هیچ ناجوری و ناکۆکیەك لەرووی چاڤگ و سەرەتاگە هزریەکان یاخود میکانیزمەکان لەنێوانیاندا نادۆزێتەوە. بەشێوەیەکی گشتیش ڕێکهاتنەوەی هەردوو جۆرەکەی گوتاری دینی لەوەدا بەدیاردەکەوێ کە هەردوولایان پشت بەتوخمە بنەرەتیە جێگیرەکانی ناو ستراکتۆری گوتاری دینی دەبەستن، ئەو توخمە بنەرەتیانەش بواری هیچ جۆرە وتووێژ، یان دیالۆگ و هەڤپەیڤین، یان سازشکردنێك نادەن. لەناوجەرگەی ئەو توخمانەشدا دوو توخمی گەوهەری هەن کە ئەم لێکۆڵینەوەیە بە گفتوگۆ ئەمبازیان دەبێتەوەو باسیان دەکات، ئەوانیش بریتین لە (دەق) و (فەرمانڕەوایەتی).

هەروەك چۆن هەردوو جۆرەکەی گوتاری دینی (میانڕەوو توندڕەو) لەرووی چاڤگ و سەرەتاگە هزرییەکانەوە هاورێکن، لەرووی ئەو میکانیزمانەشەوە هاورێکن کە لە پێشکەشەکردنی تێگەو چەمکەکان و قایلکردنی خەلکانی دیکەو ڕاکێشانی پاڵپشت و پشتیوان و لایەنگراندا پشتیان پێدەبەستن. میکانیزمەکانیش بەگوێرەی فرەیی و هەمەجۆری هۆیەکانی پێشکەشکردنی گوتارەکەو ئامرازەکانی، ئەوانیش فرەو هەمەجۆر دەبن. لەگەڵ ئەوەشدا، ناوکۆو کۆلکەی هاوبەش لەنێوانیاندا هەیە، کە دەشێ ڕەچاوبکرێ و شیبکرێتەوە، نەخاسمە ئەگەر لەمیانی شیکردنەوەماندا خۆمان لە میکانیزمەکانی هەڵسوران و بەجێهێنانی زارەکی بەدوور بگرین و، شیکردنەوەکەشمان لەمەڕ میکانیزمە ئەندێشەیی و ئەقلیەکانەوە کە لە هەموو - یان سەرتاپای- هۆیەکانی گوتارەکەو ئامرازەکانیدا بەدیدەکرێن، چڕو پوخت بکەینەوە.

ئەم لێکۆڵینەوەیە ئیستێك لەسەر ئەو میکانیزمانە دەگرێ کە گوتاری دینی بە گرنگ و جێ بایەخیان دادەنێ، ئەوانیش ئەو میکانیزمانەن کە پەردە لەرووی ئاستی ئایدیۆلۆژیای ئەم گوتارە هەڵدەماڵن، ئەو ئاستەی کە لەلایەك میانڕەوی و توندڕەوی و، لەلایەکی دیکەشەوە شەرعزان و پەندێرەکان (الفقهاء والوعاظ)پێکەوە کۆدەکاتەوە، دەشتوانین ئەو میکانیزمانە بەجۆرە پوختە بکەین:-

-١ یەکبوونی نێوان فکرو دین و ڕەشکردنەوەی ماوەی نێوان خودو بابەت.

-٢ لێکدانەوەی هەموو دیاردەکان بە گەڕاندنەوەیان بۆ یەك بنەما، یان بۆ یەك بنۆسی سەرەتا، لەمەشدا دیاردە کۆمەڵایەتیەکان، یان سروشتیەکان بەرابەرو هاوسەنگ دەکات، یان پێکیان دەگرێت.

-٣ پشتبەستن بەدەسەڵاتی (ئیَشین- السلف)، یان (کەلەپوور)، ئەمەش دوای وەرگۆڕینی دەقە کەلەپووریەکان- کەدەقی لاوەکین - بۆ دەقی سەرەکی و سەرەتایی خاوەن پیرۆزیەکی مەزنی وەها - کە لەزۆربەی بارو ڕەوشەکاندا - لە دەقە بنەڕەتیەکان کەمتر نین.

-٤ دڵنیاییەکی ئەندێشەیی و یەکلاکردنەوەیەکی هزریانەی یەکجارەکی و ڕەتکردنەوەی هەر جیاوازی و ناکۆکیەکی هزریی، تەنها ئەوانە نەبێ کە لە لك و بەشەکاندا هەن، نەك لە قەدو بنەماو بنیچەکاندا.

-٥ بەفیڕۆدان و لەدەستدانی ڕەهەندە مێژووییەکان و پشتگوێخستنیان، ئەمەش لە گریان و شین و شەپۆڕو کڕووزانەوە بۆ ڕابردووی جوان بەدیاردەکەوێ، لەمەشدا سەردەمی زێرینی خەلافەتی ڕاشیدین و سەردەمی خەلافەتی تورکە عوسمانیەکان پێکدەگرێ.

پێویستە - بەر لەچوونە ناو کرۆك و گەوهەری بابەتەکەمانەوە- هەندێك ڕوو و ڕووکاری ڕێکهاتنەوەی نێوان میانڕەوی و توندڕەوی لەسەر ئاستی چاڤگ و سەرەتاگە هزرییەکانیانەوە بەدیاربخەین، ئەمەش لەمیانی ئەو (دیالۆگ)ە ڕاگەیاندنیانەی کە هێزەکانی ئاسایش لەمیسر، لەدوای تیرۆرکردنی سەرۆك کۆماری پێشوو، (مەبەست لە سەرۆك محەمەد ئەنوەر ساداتە. و. کوردی)، بەڕێوەیان دەبردو سەرپەرشتیان دەکرد.

کەسی بەدواداچووی ئەو دیالۆگە، یان کەسی بەدواداچووی هەندێك لە ئەڵقەکانی دیالۆگەکە، جا ئەوانەی لەکەناڵەکانی ڕادیۆو تەلەفزیۆندا، یان لە ڕۆژنامەکاندا بڵاودەکرانەوە، یەکسەر دەیزانی کە ئەو دیالۆگە مەحالە، دیالۆگێکی کرەك و مردەڵ و خەفەکراوو بێ گرپەو ورشەیە، یان - لەهەندێك باردا- دیالۆگێك بوو لەنێوان (دەنگ)و دەنگدانەوەدا. لەیەکێك لە ئەڵقەکانی ئەو دیالۆگەدا، مامۆستایەکی زانکۆ کە ئەوکات ڕاگری یەکێك لە کۆلێژە تیۆریەکان بوو، کاتێك کە ئەمیرێکی کۆمەڵەیەکی ئیسلامی ئەمبازی بۆوە، مامۆستاکە زۆر بە خراپی تێکەوت. ئەمیرەکە فێلبازانە سەبارەت بە واتای ئەو سێ ئایەتانەی کە لە سوورەتی مائیدەدا هاتوون و باسی فەرمانڕەوایەتی دەکەن، ڕووی پرسیاری لە مامۆستاکە کرد. مامۆستاکەش لە دڵنیایی و یەکلاکردنەوەیەکی بێ ئەملاولادا وەڵامی دایەوەو گوتی: (بەڵێ، فەرمانڕەوایەتی تەنها هەر بۆ خودایە)و سێ جاران لەسەریەك ئەمەی دووپاتەکردەوە، دوایی گوتی: (بەڵام، دوایی دەستیکرد بە ژماردنی ڕوو و دیمەنەکانی باوەڕ لە کۆمەڵگای میسریداو... خوێنگەرمی و پەرۆشی وای لێکرد کە جەخت لەسەر دینداریی هاوڵاتیە مسریەکان و جوان دەستگرتنیان بە ئیسلامەوە بکاتەوە، هەر ئەم خوێنگەرمی و ئازایەتیەش گەیاندیە ئەوەی کە بڵێ: لە ڕۆژانی هەینیدا، سەدان خوێندکار بۆ نوێژکردن ڕوو لە مزگەوتی کۆلێژەکەیان دەکەن). ئەو مامۆستا بەڕێزە (خوا لێیخۆشبێ) ئەوەی لەبیر نەبوو کە ڕۆژانی هەینی پشووەو زانکۆ نیە، دەزگاکانی ئاسایشیش ڕێگەنادەن لەو ڕۆژەدا خوێندکاران بچنە ناو زانکۆوە. ئەگەر ئەمە بەشێوەیەکی گریمانەکیش بێ، چ کۆلێژێك مزگەوتێکی وای هەیە کە جێگەی سەدان خوێندکاری تێدا بیبێتەوە.

کەواتە لێرەدا ڕێککەوتن و ڕێکهاتنەوە لە باوەڕهێنان بە بنەما - بنەمای فەرمانڕەوایەتی- هەیە، لەبەرئەوە مامۆستا لە دیاریکردن و بڕیاردان لەسەر ئەو بنەمایە هیچ دوودڵیەکی نەنواندو زمانیشی تێکنەئالاو تەتەڵەو منجەمنجیشی نەکرد، بەڵکو وەڵام و منجەمنجەکەی لە بەکافرکردنی کۆمەڵگەو ئەوەی لەسەر کافرکردنی دەسەڵاتی سیاسی و ئەو فەرمانڕەوایانە دادەمەزرێ کە کاروباری ئەم کۆمەڵگایە بەڕێوەدەبەن، خۆی دەنواند. هەمان هەڵوێستیش- یان هاوچەشنەکانی ئەم هەڵوێستەش- لەرێگەو شێوازی دارشتنەوەی ئەو بەیاننامەیەدا دووبارە دەبۆوە کە کۆمەڵێك لە زانایانی ئاینی لەدوای ڕووداوەکانی ئەم دواییانەی (عێن شەمس) دەریانکردبوو.

ئەوەی لەو بەیاننامەیەدا سەرنجراکێش بوو ئەوەبوو کە تەنها باسی دوو کێشەی لەو کێشە گەورانە کردبوو کە کۆمەڵە ئیسلامیەکان لە گوتاری خۆیاندا دەیوروژێنن، ئەوانیش: کافرکردن و چاککردنی خراپەیە بە زەبری هێز. بەیاننامەکە سەبارەت بە کێشەی یەکەم - تەکفیر-، جەختی لەسەر ئەوە کردبۆوە کە کەس مافی ئەوەی نیە کەسێکی دیکە کافربکا. لەکێشەی دووەمیشدا، مافی چاککردنی خراپە بەزەبری هێزی دابۆوە دەست فەرماندار بەگوێرەی کۆمەڵگاوەو، سەرۆکی خێزان لە سنووری دەسەڵاتیدا. هەروەها بەیاننامەکە دەربڕین و دەستەواژەیەکی گرۆڤەتوندو مەترسیداری تێدا هاتبوو، کە پەیوەست بوو بە چەمکی (فەرمانڕەوایەتیەوە)و، هەڵوێستی زانایانی لەهەمبەر دەسەڵاتی سیاسی ڕەنگ پێدەدایەوە، ئەو هەڵوێستەش وێنەنوێنی بنەڕەتی ناکۆکی دەکرد لەگەڵ (توندڕەواندا)، دەبرینەکە دەیگوت: (بەرپرسان، فەرمانڕەوایەتی بۆ خودا ناگێڕنەوەو، بۆ ئیسلامیش نکوڵی لە بنەماو پرینسیپ ناکەن) کە دەربڕینێکی خاپێن و فریودەرانەیەو لەهەمان کاتدا تۆمەتبارکردن و بێبەریکردنی تێدایە. - لەڕواڵەتدا- بەو پێیەی کە لەو ڕووەوە ئاراستەی گشتەی خەڵك کراوە بێبەریکردنی تێدایە، بەڵام لەرووی ڕاستێتی واتاو گرۆڤەکەیەوە تۆمەتبارکردنیشی تێدایە. پشتبەستنی دەربڕینەکە لەدارشتنەوەیدا لەسەر ڕەتکردنەوەو نەرێکردن، وات بەخەیاڵدا دەبات کە - بەشێوازو ڕێگەی ناکۆکبوون و ناتەبایی- بێبەریبوونی دەسەڵاتداران لەوەدا دەسەلێنێ کە کۆمەڵە ئیسلامیەکان پێیانی تۆمەتبار دەکەن، بەڵام لە ڕاستیدا خەسڵەتی (کوفر) لە فەرمانڕەوایان دادەماڵێ و -بەو دارشتنەش- خەسڵەتی (یاخیبوونیان) دەداتەپاڵ، مادامەکێ نکوڵی حوکم و بڕیارو بنەماکانی ئیسلام ناکەن و، لەهەمان کاتیشدا ئەو حوکم و بنەمایانە ناچەسپێنن و پیادەو پراکتیزەیان ناکەن.

کەواتە ناکۆکی نێوان (میانڕەوان)و (توندڕەوان) لە بەکافرکردنی فەرمانڕەواو کۆمەڵگەدا خۆی مەڵاس دەدات. هەرچەندە دوای کەمێکی دی بەدیاریدەخەین، کە ئەو ناکۆکیە ناکۆکیەکی (لاوەکیەو لە پەراوێز دایە)و، وەك ئەوەی بەیاننامەکەی پێشوو وای بەخەیاڵدا چووە ناکۆکیەکی (گەوهەری) نیە.

ناکۆکیەکەش لەسەر پرینسیپی (چاککردنی خراپە بەزەبری هێز)، ناکۆکیەکە لەسەر کاتگیری (کاتگیری چەسپاندن و پیادەکردن)، نەك لەسەر خودی چەسپاندن و پیادەکردنەکەیە. {شێخ محەمەد غەزالی- یەکێك لەو زانایانەی کە بەیاننامەکەیان بەناوەوە دەرچووە- لەوتەیەکیدا بۆ ڕۆژنامەی (الشعب) دەڵێ: (بتپەرستی خراپەیەکی گەورە بوو، ئایا پێغەمبەر(د. خ) چۆن مامەڵەی لەتەکدا کرد؟! ئەو، لەو کەعبەیەدا کە هەموومان ڕووی تێدەکەین، هەتا تەمەنی نەگەیشتە (٦١) ساڵی واتە تا دوو ساڵ بەر لەفەرموونی کۆچی دوایی، هیچ بتێکی نەشکاند، ئەو، بە زمان و بەقسە خراپەکانی دەگۆڕی و میللەتیشی بۆ ئەوە ئامادە دەکرد کە لەنزیکترین دەرفەتی ڕەخساودا بە زەبری هێزو دەست بیانگۆڕن، ئەم دەرفەتەش لەکاتی گرتنی مەککەدا ڕەخسا}. ئەگەر ئەم ڕایە باوەڕی بە بیرکردنەوەو بە کاری شێنەیی و پێ بەپێ و پلە بە پلە هەبێ لە چاوەڕوانکردنی دەرفەتی ڕەخساودا، ئەوا نووسەرێکی دیکە - لەنوێنەرانی ڕەوتی میانڕەو- لەهەمان ڕۆژنامەدا وتارێکی نووسیوە بە ناونیشانی: (خراپە، هەر دەبێ بەزەبری دەست و هێز بگۆڕدرێت)، تێیدا بۆ ئەوە چووە کە ڕێکەوتنێك لەنێوان زانایانی بەرێ هەیە لەسەر ئەوەی کە {مەرج نیە لەکاتی هەستان بە ئەرکی لێپێچانەوەی (فەرماندان بە چاکەو نەکردنی خراپە)دا مۆڵەت و ڕەزامەندی خودان و کەسوکار وەربگیرێ، گەر وانەبێ ئەدی چۆن مۆڵەت وەرگرتن دەبێتە مەرجێکی پێویست ئەگەر فەرماندان و نەکردن لەهەندێك کاتدا ئاراستەی خودی فەرمانڕەوا کرابێت، یان ئاراستەی هەندێك لەو کەسانە کرابێت کە متمانەی خۆی پێ بەخشیون}.

ئەو نووسەرە هەر بەپشتبەستن بەدەسەڵاتی پێشینانەوە ناوەستێ، بەڵکو یەکبوون و یەکگرتنێك لەنێوان بیرو ڕاو ئیجتیهادەکان و خودی ئیسلامدا دێنێتە ئاراوە، چونکە لەوپەڕی دڵنیایی و یەکلاییکردنەوەوە بڕیار دەدات کە (ئەمە گەوهەری هەڵوێستی میانڕەوی ئیسلامیە.. کەواتە ئیسلام پێنتی دەسپێك و سەرچاوەکانە، لەبەرئەوە ئیسلام توندو تیژی لەخۆیدا ڕیسوا ناکات و ڕەتیناکاتەوە، ئیسلام بەهیچ کلۆجێ دژایەتی ئەم بنەمایەش ناکات، بەڵام مەرج و قەیدو بەندی خۆی بۆ دادەنێ}.

لەم جۆرە گوتارە (میانڕەوەدا)، تێبینی هەندێك لەو میکانیزمانەی گوتاری دینی دەکەین وەك پێشتر ئاماژەمان بۆکرد -دواییش بەدرێژی باسیان دەکەین- کە لێرەدا بریتین لە:-

* یەکبوونی نێوان فکری مرۆڤ و ئیسلام.

* پشتبەستن بەدەسەڵاتی پێشین و کەلەپوور.

* دڵنیایی فکری و یەکلاکردنەوەی ئەندێشەیی.

ئەگەر بەیاننامەکەی زانایان تەکفیرکردنی فەرمانڕەوایان و کۆمەڵگەی ڕەتکردبێتەوە، ئەوا ڕێگاشی نەداوە کە هزری گەنجان تەکفیر بکات. ئەمەش تاکە خاڵی ناکۆکیە لەنێوان ئەم بەیاننامەو بەیاننامەیەکی دیکە کە بەواژۆی (شێخی ئەزهەر)و لەلایەن دامەزراوەی ڕەسمی دینیی دەوڵەتەوە دەرکرابوو و بەرسڤ و کاردانەوەیەکی توندو تیژی لەلایەن میانڕەوو توندڕەوان، وەکویەك، ورووژاندبوو. دیارە کە بەیاننامەکەی زانایان لانیکەم لە یەکێك لەلایەنەکانیەوە بە ئامانجی سووککردن و هێورکردنەوەی توندی ئەو پشێوی و گرژیە بوو کە بەیاننامەکەی ئەزهەر ورووژاندبووی، ئەمە هاوشانی ئەوەش کە دەسەڵاتی سیاسی-لانیکەم لەبەرامبەر جەماوەردا- لەگردکردنەوەی زانایان بەدەوری خۆیدا بەدەستی دەهێنا. لەبەرئەوە دەسەڵاتی سیاسی- کە وەزیری ئەوقاف نوێنەرایەتی دەکرد- سوورو پێداگربوو لەسەر بەشداری پێکردنی هەندێك سمبولی ئۆپۆزیسیۆن لە زانایان، بەو پێیەش (شێخ غەزالی) بەشداریکردو، (شێخ یوسف قەرەزاوی)یش بەپەلە لە وڵاتی قەتەرەوە بانگکرایەوە بۆ میسر، وەك ئەوەی لەلێدوانێکی ڕۆژنامەی(الشعب)دا هاتووە. ڕەنگە ئەمە خۆرەپێشخستنی زانایانمان - لەناو بەیاننامەکەدا- بۆ لێکبداتەوە بەوەی کە ئەوان (نە لە زانایانی سەر بە دەسەڵاتن، نە لەبیرکەرەوانی پۆلیسیشن)، هەروەها ئەوەشمان بۆ لێکدەداتەوە کە - بەتایبەتی غەزالی و قەرەزاوی- لەدەرئەنجامی ئەو بەیاننامەیە نارازین. (قەرەزاوی) لەلێدوانێکیدا بۆ ڕۆژنامەی (الشعب) بەوە پەسنی کردووە کە (بە تەنیا بەس نیە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە، بەڵکو لە دیدو ڕوانینی ئەو گەنجانەوە کە خەسڵەتی توندڕەویان دەدرێتەپاڵ وا لێکدەدرێتەوە کە خزمەتکردنە بەحکومەت و، پاساوێکیشە بۆ لێدانی سەرجەم کارو بەرنامەی ئیسلامی و هەموو کۆمەڵە ئیسلامیەکان، بەناوی لێدانی توندڕەویەوە).

بەیاننامەکەی ئەزهەر کە گوزارشی لەهزری دامەزراوەی ڕەسمی دینیی دەکرد، سەبارەت بە وەڵامدانەوەی تەکفیر ەکو خۆی، دەڵێت: {ئیسلام ڕاستی و ڕاستەقینەیەو، تەنها دەربڕین و گوتەی بێ کردەوە نیە، ئەو کارە وێرانکەرانەش کە (لەڕۆژنامەکامدا) بڵاوکراونەتەوە، کۆمەڵگە لەمەترسی ئاگادار دەکەنەوە. کاروبارەکانیش پەیوەستن بە نیازو ویستەکانیانەوەو، ئەزهەری شکۆداریش بانگەواز دەکا بۆ وەستانەوەیەکی بەهێزو بەدادو پتەو لە دژی ئەو دووبەرەکیەی کە بەناوی دینەوە سەریهەڵداوە، ئیسلام لە دووبەرەکی و لەوانەی کە دووبەرەکی دەنێنەوە بێبەرییەو (زۆربەی ئاگرەکانیش لە چریسکەو بڵاچەیەکی بچووکەوە دەکەونەوە)، بۆیە دەبێ کۆمەڵگە هەمووی وریاو هاییدار بێ و، مزگەوت و یانەکانی لەگوتەو قسەوباسی خراپ و لە وروژێنەرانی گەندەڵی و خراپەکاری و لە ئەوانەی کە داواکاری دەرچوونن لە یاسا، پاك بکاتەوە}.

وەڵامدانەوەی تەکفیر وەکوخۆی، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ناکۆکی نێوان میانڕەوو توندڕەوان ناکۆکیەکی سەرەکی و بنەڕەتی نیە، بەڵکو لاوەکیەو لەپەراوێز دایە. ناکۆکیەکە لەسەر بواری جێبەجێکردن و چەسپاندنی بنەماکەیە نەك لەسەر خودی بنەماکە خۆی، بە تەواوەتیش وەك ئەو ناکۆکیە وایە کە لەسەر بنەمای (گۆڕینی خراپە بە زەبری دەست و هێز) هەیە، کە ناکۆکیەکە لەسەر کاتی گۆڕینی خراپەکەیە - بوارو کاتی ڕەخساو-، نەك لەسەر خودی بنەمای گۆڕینەکە خۆی.

تەکفیر- لەڕاستیدا- هاوشانی (فەرمانڕەوایەتی) و (دەق) وێنەنوێنی توخمێکی بنەڕەتی دەکات لە ستراکتۆری گوتاری دینیدا بە هەردوو لایەنە میانڕەوو توندڕەوەکەیەوە، پوختەی کارەکەش ئەوەیە کە لە گوتاری توندڕەواندا زەق و دیارو ئاشکرایەو، لە گوتاری میانڕەوانیشدا ژێرلێوەو شاراوەیە.

شتێکی زانراوە، کە تەکفیرکردنی کۆمەڵگەو فەرمانڕەوا - تەنانەت هەموو کۆمەڵگەکان و فەرمانڕەواکان و ڕژێمەکانی سەر ڕووی زەوی- و لەجیهانی هاوچەرخی عەرەبی خۆشماندا لەنووسینەکانی(سەید قوتب)ەوە دەستی پێکرد، ئەویش بە پشتبەستن بە چەمکی (فەرمانڕەوایەتی). هزری سەید قوتب - لە لایەنێکی گەورەیەوە- وەکو وەڵامدانەوەیەك بوو لەسەر ئەوەی ئیخوان موسلمین پێیوابوو کە دەسەڵات و فەرمانڕەوایی لەلایەن ئەفسەرە شۆڕشگێڕەکانەوە قۆرخ کراوەو بەتەنها ئەوان دەسەڵاتدارو فەرمانڕەوان لەو کاتەدا. وێڕای ئەوەی کە ئێمە دواتر شیکردنەوەیەك بۆ چەمکی فەرمانڕەوایەتی و بەدیارخستنی ڕەهەندەکانی دەکەین، لێ ئەوەی لێرەدا بەلامانەوە گرنگە ئەوەیە کە:-

تەکفیر بنەمایەکی هاودەم و هەردەم دنەدراو بووە لەگەڵ گوتاری هاوچەرخی دینیدا، هەندێکجار پەردەپۆش و شاراوە بووە، هەندێکجاریش دیارو ئاشکرا بووە، ئەم دوو دەرکەوتنەش پەیوەست بووە بە نزیکبوونەوەی باس لێوەکەرانی -یان دوورکەوتنەوەیان- لە ڕشتەی دەسەڵاتەوە. بۆیە شتێکی سەیرو نامۆ نەبوو - گەرچی لەکات و شوێندا کتوپڕو لووتەو بزووت بوو - زانایەکی ئاینی کە بەشداری لە دارشتنەوەی بەیاننامەیەکی (میانڕەو)دا کردبوو، لە بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنیدا ڕایبگەیەنێ و بڵێ: {من سوپاسگوزارو سوژدەبەر بووم، یان دوو ڕکات نوێژم کردووە وەکو شوکرانەبژێری و سوپاسگوزاری بۆ خودا لە سەر شکستهێنانمان لە شەڕی ساڵی ١٩٦٧ دا. بنۆس و هۆکاری ئەمەش کە شێخ پێشکەشی کرد، پەیوەندی بە هەستی دینیەوە نیە بێجگە لەوەی باوەڕی بەوەیە کە خوای - گەورەو پەروەردگار- وەك چۆن لەسەر هەموو خۆشییەك سوپاس دەکرێ لەسەر هەموو ناخۆشیەکیش سوپاس دەکرێ. شێخ بنۆس و هۆکاری سوپاسکردنی خودا - نوێژکردنەکەی- بۆ ئەوە شیدەکاتەوە کە (کۆمۆنیستەکان) لەو شەڕەدا شکستیان خواردو خوای گەورەش ڕیسواو ترۆی کردن و لەمێگەلی دابڕین}. هیچ کەسێکیش پێویستی بە بچووکترین هەوڵدان نیە بۆ ئەوەی بزانێ مەبەست لە کۆمۆنیستەکان، ڕژێمی فەرمانڕەوای ساڵانی شەستەکانە (واتە ساڵانی شەستەکانی سەدەی ڕابردوو. و. کوردی).

---

# تیرۆرو ڕەوەندی ئیسلامی سیاسی

پێشڕەو محمد

دوا کارە تیرۆریستییەکانی ئەوروپا جارێکی دیکە ڕەوەندی ئیسلامی زۆربەتوندی خستەوە سەرشانۆی ڕووداوەکان. هەرچەندە ئەوە یەکەم کاری تیرۆریستی نەبوو لەرۆژئاوا ئەنجام بدرێت لەلایەن ئیسلامیەکانەوە. لێ یەکەم جار بوو کردەوەی خود کوژی لەلایەن ئیسلامیە سیاسیەکانەوە لەنێو دڵی ئەوروپا ئەنجام بدرێت. یەکێك لەشارە جوان و بەناوبانگەکانی ئەوروپا لەخوێن بگەوزێنێت!

ئەوەش دووبارە ئەوەی سەلماندەوە کەلەدوای ١١ی سێپتێمبەر٢٠٠١، ئەو چرکەیەی دنیای هەژاند، کە ئیسلام بێتەوە سەرتەختی شانۆ.( تەماشاکاری فیلێك بووین کەبۆ هەموو جیهان نمایش دەکرا)[1].

١١ی سێپتێمبەری٢٠٠١، تەنها ڕووداوێکی تراژیدی نییە، بەڵکو ئێستا نێهنییەکە بۆ کردنەوەی هەزاران دۆسیە، هێمایەکە بۆ کردنەوەی هەزاران کردەوەو ڕەفتارو جولان. ١١ی سێپتێمبەر٢٠٠١ واقیعێك دەخاتە بەردەستمان، واقیعی جەنگێك کەئیدی کارناکات لەسەر داگیرکردنی جوگرافیای گەورە.

ئێمە بۆ ئەوەی لە پاڵنەرە قوڵەکانی مرۆڤی توندڕەو تێبگەین، پێویست بچینە ناو هزری و لە بیرکردنەوەی تێبگەین. هەروەها ئەگەر بمانەوێت لەرووداوی وەکو ١١ی سێپتێمبەری٢٠٠١ تێبگەین. دەبێت شیکاری دەروونی بۆ بکەین. ئەوە وامان لێدەکات ترس لەهزرەکانمان دروست ببێت، بۆئەوەی نەتوانین بە شێوەیەکی دەروونی بیر لە مرۆی درندە بکەینەوە. لەدوای ١١ی سێپتێمبەر٢٠٠١ هەرچی ئەوروپایی گەلی و ئەمریکاییە دەستیان کرد بەلێکۆڵینەوە لەسەر ئەو ڕووداوە دڵتەزێن و چرکە هەژێنەی جیهان.

١١ی سێپتێمبەر٢٠٠١ دووچاری حاڵەتی هێستریا بوو و دۆخێکی وا دژوار دروست بووە کەڕێگا بەبیرکردنەوەی قوڵ و شیاو نادات[2].

بینینی دارمانی بورجەکان، ڕاستەوخۆ لەسەر شاشەی تەلەفزیۆنەکان تێکەڵاو بوونێکی ئاشکرای چرکەکان بوو. لەوساتەدا ئیدی کات و شوێن وەك دووشت نەبوون. ئیدی ئێمە، هەموو تەماشاکەرانی جیهان، لەڕێگای شاشەی تەلەفزیۆنەکانەوە، لەوێ بووین. هیچ کەسێ نەمابوو کەلەوێ نەبێ، تەنانەت منی ئەوکات تەمەن ١٠ ساڵان لەوێ ئاگام لەدارمانی بورجەکان بوو لەڕێگای شاشەی تەلەفزیۆنەکانەوە. شاشەکان ڕاستەوخۆ سوتانی ئەوبەری ئۆقیانووسیان پیشاندەدایین. ئەوبەرێك کەلەتراژیدیادا نقوم بووبوو.. ئەو وێنانە هەندێ جار گزی دەکەن. لێ کاریان زیاترو باڵاترە لەکارایی خودی ڕووداوەکە.

ماوەیەکی کەمی خایاند لەدوای ڕووداوی ١١ی سێپتێمبەری٢٠٠١. کەجیهانی ئیسلامی سیاسی دەستی کرد بەکارە توندڕەوەکانی لەئەوروپادا، من نامەوێت باسی ١١ی سێپتێمبەر بکەم، چونکە ئەو باسە زۆر هەڵدەگرێ، ئەوەی توانیم بەکورتی کەمێکم باسکرد، لێ دەمەوێت باسی ڕەوەندی ئیسلامی سیایی بکەم لەئەوروپادا.

یەکێك لەو ڕووداوانەتیرۆرکردنی کەسایەتی ناوداری هۆڵەندی (پرۆفسیۆر پیم فۆرتاین) خاوەنی کتێبی (دژی بەئیسلام کردنی کەلتورمان) بوو. لەڕۆژی ٦/٥/٢٠٠٢[3]، فۆرتاین لەدەوروبەری کاتژمێر ٦ی ئێوارە، دوای تەواو بوونی دیمانەیەکی لەیەکێك لەکەناڵەکان و لەکاتی هاتنەدەرەوە فۆرتاین درایە بەرگوللە بەدەستی ئیسلامیە سیاسیەکانی هۆڵەنداوە، ئەمەش زیاتر هۆڵەنداو ئەوروپای تورەکرد. هەربەوە نەوستاو هونەرمەندو کەسایەتی گەورەی هۆڵەندای تیرۆرکرد. (تیۆ ڤان کوخ) ئەو هونەرمەندە پایە بەرزەو بەرەچەلەك لەهەمان خێزانی هونەرمەندی شێوەکار (ڤان کوخ)ە. کە بە ئەتایست (واتا باوەڕی بەبوونی خودا نەبوو) ناسرابوو. ((تیۆیی دەرهێنەری سینەمایی، لەڕێگای دەرهێنانی فیلمی (مل کەچی "إگاعات") کەرەخنەی ئاراستەی ئیسلام کردبوو، سەبارەت بەمامەڵە کردن لەگەڵ ژناندا. ئەو فیلمە ئیسلامیەکانی تورە کردو لاوێکی مەغریبی تەمەن ٢٦ ساڵ بەناوی (محمد بویەری) لەڕۆژی ١٢/١١/٢٠٠٤ هەستا بەتیرۆرکردنی ئەم هونەرمەندە گەورەیە))[4]. هەروەك سیاسەتمەداران ئاشکرایان کرد. جەنگ لەگەڵ تیرۆر خۆی گەیاندە هۆڵەندا.

وەکو لەسەرەوە باسم کرد، دووبارە دوا کارە تیرۆریستییەکانی ئیسلامی سیاسی جارێکی دی خۆی هێنایەوە سەرتەختی شانۆ.



١. عادل باخەوان: ئیسلام و ڕۆژئاوا، چاپخانەی ڕەنج، ساڵی ٢٠٠٦.
٢. هاشم ساڵح، تەنگژەی فێندەمێنتالیزمی ئیسلامی، وەرگێڕانی: شوان ئەحمەد، ساڵی٢٠٠٧، بڵاوکراوەی کۆمپانیای ئاوێنە.
٣. ڕێکەوت ئ. ابراهیم، ئیمارەتی ئیسلامی هۆلاندا، ساڵی ٢٠٠٦، چاپخانەی تیشك، سلێمانی.
٤. هەمان سەرچاوەی پێشوو.